پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی خواردنەوەدا سێ جار هەناسەی دەدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی خواردنەوەدا سێ جار هەناسەی دەدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر خواردنەوەیەکی لە پەرداخێک یان هەرشتێکی تر بخواردایە، ئەوا سێ جار هەناسەی دەدا لە دەرەوەی پەرداخەکە، خواردنەوەکەی دەخواردەوە پاشان پەرداخەکەی لە دەمی دوور دەخستەوە وهەناسەی دەدا، وپاشان جارێکی تر دەیخواردەوە وسێ جار ئەمە ئەنجامدەدا، ولە نێو پەرداخەکەدا یان ئەو شتەی خواردن وخواردنەوەی تێدا دەخوارد هەناسەی نەدەدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4225